# پەیوەندییەکانی نێوان عیراق و ئێران

( ١٩٥٨ - ١٩٦٨ )

ئەحمەد حەمەدئەمین

دەستپێك:

جوگرافیای هەر دوو دەوڵەتی عیراق و ئێران لە ڕووی هەڵکەوتەو تۆپۆگرافییەوە، کۆمەڵی پەیوەندی باش و خراپی لە نێوان هەر دوولادا لێکەوتۆتەوە وەکو ئەوەی.

هەبوونی ڕووبارێکی هاوبەش لە نێوانیان لە بەشێکی سنورەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی عیراق و باشووری ڕۆژئاوای ئێران(شەتولعەرەب، ئەروەند رود)، بەردەوام بۆتە هۆکاری کێشەو گرفت لە نێوانیاندا، چونکە ئەو سنووره ئاویە چ لە سەردەمی عوسمانییەکان بێت، یان لە سەردەمی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق بێت ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە ململانێیەکانی نێوانیان. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە دراوسێیەتی بە درێژایی (١٤٥٨کم)، دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاو ببینێت لە پێوەندییە سیاسی، فەرهەنگی، بازرگانییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە، بەڵام لەبەر پێکهاتەی ئەتنیکی هاوبەش لەم بەرو ئەوبەری سنوورو پەرینەوەی هەر دوو کۆمەڵە مرۆڤەکان بۆ ناو سنوورەکانی یەکتری، کاریگەری خراپی خستۆتە سەر پەیوەندییەکان، ئەگەر بزانین لە زۆربەی سەردەمەکان دەسەڵات لەم دوو وڵاتە تاکڕەوانەو توتالیتارانە بووە.

شیاوی باسە، هەبوونی هەندێك کێڵگەی نەوتی وەك زەریایەك لە نەوت لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران لە کرمنشاو عەبادان، خانەقین لە عیراق، کە بۆتە هۆی جموجوڵی هەڵکەندن و پرۆژەی پیشەسازی و گرتنەبەری ڕێ و شوێنی ئاسایش بە شێوەیەکی چڕ لە لایەن هەردوو لاوە، پێویستی بە هاوکاری و هاوپلانی نێوانیان هەبووە.

لە ڕووی تۆپۆگرافیاوە بەشێکی سنووری کەم نەبێت لە نێوانیان ئاو بووە، ئەگینا ئەوەی تریان وشکاییە، کە بەشێکی زۆری خاکی کوردستان دەگرێتەوەو بە زۆری شاخ و سەختە، ئەمەش ئەستەمییەکی لە نێوانیان دروست کردووە کە هاموشۆیەکان ڕێڕەوی یاسای خۆی نەگرتووە بە تایبەت لە هاتنی شیعەکان بۆ سەردانی مەزارەکان، بۆیە لە زۆربەی کاتەکان سنوورەکان بەزێندراون، کێشەیان دروست کردووە.

بوونی هەر دوو وڵات لەسەر شەتولعەرەب، بۆتە بە خاڵێکی گرنگ کە سەرنجی وڵاتە زلهێزەکانیان بۆخۆیان ڕاکێشاوەو، خۆشیان پێشکەوتوون لە ڕووی بازرگانییەوە، بەڵام لە مەشدا کێشەیان بۆ دروست بووە، بە هۆی زۆری کەنارەکانی ئێران لە شەتولعەرەت لە چاو هی عیراق ، کە زۆرجار بۆتە مایەی نیگەرانی عیراقییەکان و بەمافی خۆیان زانیوە لە ڕێگای گوشارەوە ئەم ناهاوسەنگییە کەمتر بکەنەوە.

## پێشینیەك لە پەیوەندی نێوانیان

لە دوای شەری چاڵدیرانەوە لە ساڵی ١٥١٤ تا دەهات ململانێیەكانو كێشە سنوورییەكان ڕۆژ دوای ڕۆژ بەردەوامتر دەبوون، كاتێكیش لە شەڕ هیلاك دەبوونو بارودۆخێك دەهاتە پێشەوە ئەوە ماوەیەك دەكەوتنە ڕێكەوتنەوە، بەڵام بە هۆی بەردەوام ململانێییەكانو هۆكاری بوونی كوردو عەرەب لە ناو سنوورەكانی هەردوولاو، مەسەلەی مەزهەبی شیعیو، هەڵاتی نەیارانی ئەو دەسەڵاتو داڵدەدانیان لە لایەن ئەوەی تریانو سیاسەتی فراوانخوازی هەر دوو دەوڵەتی عوسمانیو ئێرانی. لە هەموو ماوەیەكدا ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕ لە ئارادا بووە، كە لە سەدەی نۆزدەهەمدا شەڕەكان بە بەستنی پەیماننامەی ئەرزەڕۆمی دووەم ١٨٤٧ هەوڵی چارەسەركردنی دراوە.

ولێ ئەوەی ململانێیەكەی زیاتر كرد لە سەدەی بیستەم دۆزینەوەی نەوت بوو لە ناوچە سنوورییەكان، كە لەوێوە دەوڵەتی قاجاری لە ساڵی ١٩٠١ كەوتە ڕێكەوتنەوە لەگەڵ كەسایەتی بریتانی(ویلیام دارس) كە بە پێی ئەم ڕێكەوتنە بۆ ماوەی( ٦٠ ) ساڵ جیاووكی بەرهەم هێنانی نەوت بە كۆمپانیاكەی درا. ئیتر لێرەوە هەم هەماهەنگی ناوچەكە زیاتر بوو، هەم كێشەكان قوڵتربوویەوە، ئەنجام بەرژەوەندییەكانی بریتانیا كاریگەری هەبوو لەسەر دانوستانو ڕێكەوتنی ئێرانی قاجاریو عوسمانی لە ١٩١١ كاتێك پرۆتۆكۆلی تاران دەبەستنو، خاڵەكانی دەكرێتە بنەمایەك بۆ چارەسەركردنی كێشە سنوورییەكانو واژۆكردنی پرۆتۆكۆلی ئەستانە لە ساڵی ١٩١٣[(١)] كە لەوێدا ماف دەدرێت بە هەردوو دەوڵەت بازگە دابمەزرێنن بۆ پاراستنی سنوورو، لەگەڵ ئەوەش سنوورەكان بەئامادە بوونی هەریەك لە نوێنەرانی بریتانیاو ڕووسیا دیاری دەكرێن.

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقی لە ٢٣ی ئابی ١٩٢١، ئێران ڕووبەڕووی دەسەڵاتێكی تازەو دیكەهاتەوە، كە لە هەموو ڕوویێكەوە لەوەی تر جیاواز بوو، بەمەش ئێران ئەوەی پێ قبوڵ نەبوو، بۆیە بەفەرمی دانی بە دەوڵەتی تازە دامەزراو نەنا، ئەگەرچی بۆ عیراق ئەو دان پیانانە گرنگ بوو، یەكەم لەبەر ئەوەی هەردوو دەوڵەت هاوسێی یەكتر بوون، دووەم لەبەر ئەوەی ئێران ئەندام بوو لە كۆمەڵەی گەلان.

لێرەدا ئەندامانی پەرلەمانی ئێرانی ڕایان گەیاند كەبوونی عیراق لە ژێر ئینتدابی بریتانی، جۆرێكە لە ستەمكاری بەرانبەر بە گەلی عیراق، كە سەردەمانێكی زۆر بەشێك بووە لە ئیمپراتۆریەتی فارسی.

لە بەرانبەر ئەم هەڵوێستەی ئێران، عیراق لە ڕێكەوتننامەی(عەدلییە) لە ساڵی ١٩٢٤ لەگەڵ بریتانیا، ئەو ئێرانیانەی كە كۆچیان بۆ عیراق كردبوو، لە هەموو جیاوێكی بێ بەش كردبوون، ئەگەرچی ئەم جیاووكەی بە خەڵكی بیانی لە ئەورووپیو ئەمریكی بەخشیبوو. ئیتر ئەمە ئێرانی نیگەران كردو بە توندی ناڕەزایی خۆی دەربڕی. بۆیە لە ساڵی ١٩٢٨ دووبارە داوایان لە عیراق كردەوە كە بەیەكسانی جیاووك بداتە ئێرانییەكانیش، عیراقیش بۆ خۆدەربازكردن لەم قەیرانەی تێكەوتبوو، ڕێكەوتننامەی عەدلییە هەڵوەشاندنەوە، بریتانیاش بەمە ڕازی بوو، گوشاریشی خستە سەر ئێران بە فەرمی دان بە قەوارەی عیراقدا بنێت.

عیراق مەسەلەی جیاكردنەوەی( موحەمەرە، عەبادان، بەگشتی خوزستانی) بە كارێكی ستەمكاری دەزانی بەرانبەر بە گەلی عەرەب، ئێرانیش نیگەران بوو كە بە پێی ڕێكەوتننامەی بەر لە دامەزراندنی عیراق لەگەڵ

---

(١) یەكێك لەم كێشانە كە دواتر لە نێوان توركیاو ئێرانو عیراق سەری هەڵدا، ئەو خاكەبوو كە توركیا لە مەسەلەی مووسڵ ورووژاندی، لە خانەقین ناوچەیەك هەیە لەوكات پێیان دەوت زەوی گواستراوە( الاراضی المحولة) لە عیراق پێی دەوترێت (نەفتخانە)، لە ئێران پێی دەوترێت (نەفتشا)، ئەم ناوچەیە ناوچەیەكی نەوتییە بە پێی ریكەوتنی ساڵی ١٩١٣ بەر دەوڵەتی عوسمانی كەوتووە، جیاووكی نەوت هی كۆمپانیای ئینگلیزی بووە كە ئێرانی لە ساڵی ١٩٠١ مافەكەی داوەتێ، لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق، بەشێك لە جیاووكی ئەم كۆمپانیایە گواستراوە بۆ عیراق، ئیتر توركیا داوای ئەم مافەی دەكرد، ئەوەبوو لە ئەنجامدا بە پێی پەیماننامەی سێ قۆڵی ٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦ عیراق ڕازی بوو ١٠٪ لە داهاتی نەوتی بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ بدات بە توركیا. بەمەش كێشە لە نێوان ئێرانو كۆمپانیییەكە چارەسەر بوو.

عوسمانییەکان مۆری کردووەو، مافی موڵکدارییەتی شەتولعەرەبی داوەتە عوسمانیو، بە میرات بۆ عیراق ماوەتەوە. ئیتر ئەو باوردۆخەی ئێرانی تیابوو چ لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی، چ لە ساڵانی دواتر ڕێگەی بە ئێران نەدا باسی لێوە بکات، تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٣١ ئێران بۆ یەکەمین جار رایگەیاند پرۆتۆکۆلی ئەستانەی ١٩١٣ ڕەتدەکاتەوە، بەمەش سەرەتایەکی تازە لە ناکۆکیو پێکدانی سنووری دەستی پێکرد.

( مەلیك فەیسەڵ) بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان لە ساڵێ ١٩٣١ سەردانی تارانی کردو لەسەر سێ خاڵێ بنەرەتی نێوانیان دەستیان بە گفتوگۆ کرد کە دوانیان مێژوویی بوون. ئەویش ( گرفتی شەتولعەرەب، کێشەی کوردو، مەسەلەی خۆزستان.

لێرەدا لە مەسەلەی کورد ئێران ئامۆژگاری عیراقی کرد، هەمان سیاسەتی ئێرانو تورکیا بگرێتە بەرو واز لە سیاسەتی لێبوردنو نەرمی نواند بێنێت.

سەبارەت بە گرفتی شەتولعەرەبیش، عیراق سوور بوو لەسەر ڕێکەوتنی ئەرزەرۆمی دووەم ١٨٤٧و، پرۆتۆکۆلی ئەستانەی ١٩١٣، کەچی ئێرانی ڕەتی دەکردەوە.

لێرەدا چەندین پێکدادانی سنووری ڕوویداو، ئێران لە ٢٩/ ١١/ ١٩٣٤ ئاوی رووبارەکانی بری لەسەر شارەکانی (زرباتییە، بەدرەو سورما). نووری سەعید وەزیری دەرەوەی عیراق سکاڵایەکی پێشکەشی سکرتێری گشتی کۆمەڵەی گەلان کرد، ئاماژەی بە پەلامارەکانی ئێران کردبوو، بە تایبەت لەم دوو ساڵەی دواییدا، ئەنجام، چەندین دانیشتن لە( جنێڤ، ڕۆما، تاران) ئەنجامدران، بەڵام کۆتایی بە کێشەکان نەهاتنو ئەنجامی ئەوتۆی نەبوو.

دواجار لە ٤/ ٧/ ١٩٣٧ جارێکی دیکە ناوەرۆکی ڕێکەوتنامەو پرۆتۆکۆلەکانی پێشوو پەسندکراو، بۆ ئەوەشی ئێران رازی بێتو بێ دەنگ بێت، عیراق بەشێك لە ئاوی شەتولعەرەبی بە نزیکەی( ٥ کم) بەخشییە ئێران. ئەمەش دەرفەتی بۆ ئێران ڕەخساند لە هاتوچۆی کەشتیوانی لە بەرانبەر بەندەری عەبادان سوود وەربگرێت. لێرەشدا هەندێ لە سەرچاوەکان پێیان وایە، کە( ڕەزاشا) لەم جۆرە سنوورە ئاوییەی نێوانیان بێزابوو، بەڵام لە ئاستی بریتانیا لاواز بوو، بۆیە بیری لە بەرژەوەندی گەورەتر کردۆتەوە، بۆ بەستنی پەیماننامەی دراوسێیەتی لەگەڵ هەریەك عیراق، تورکیا، ئەفغانستان، بۆ یەکگرتن لە بەرانبەر هەڕەشەکان، بۆیە ئەوانەی لە ٨ی تەمموزی ١٩٣٧ لە کۆشکی سەعدئاباد لە تاران کۆکردۆتەوە[٢].

لە ساڵی ١٩٥٤، دوای دەست پێکردنی پەیوەنی توندو تۆڵی نێوان ئێرانو ئیسرائیل، لە ناوچە سنوورییەکانی باشووری نێوان عیراقو ئێران توندی پەیدابوو، لە ئەنجامی زۆر ساندنی باج لەسەر زیارەتکەرەکانو برینی ئاوی رووبارەکان لە لایەن ئێرانەوە بۆ سەر خەڵکی عیراق، بەڵام شاندێکی عیراقی بەسەرۆکایەتی سەعید قەزاز وەزیری ناوخۆ، چووە تارانو لەگەڵ (شا) کۆبونەوەو تارادەیەك تەنگەژەکە چارەسەربوو، هەردوولاش ڕێکەوتن لەسەر قەڵاچۆکردنی کۆمۆنێستەکان.

درێژە کێشانی پەیوەندییەکانی نێوانیان هەردوو دەوڵەت بۆ بەشداریکردن لە پەیماننامەی بەغدا برد لە ساڵی ١٩٥٥ کە هەر یەك لە عیراق، تورکیا، پاکستان، ئێران، بریتانیا، تیایدا بەشدار بوونو، بارەگای سەرەکی ئەو پەیماننامەیە لە بەغدابوو، مەبەستی سەرەکیش تیایدا هاوکاریو هەماهەنگی یەکتری بوو، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر ئەگەرێکی مەترسی کە لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتەکان هەرەشەیان لێ بکات.

---

(٢) لەم ماوەیەدا سێ ڕێکەوتن ئەنجامدرا،

١- پەیماننامەی هاورێیەتی( صداقە) لە ١٨ی تەمموزی ١٩٣٧.

٢- پەیماننامەی چارەسەی کێشەکان بە ڕێگای ئاشتی لە ٢٤ی تەمموزی ١٩٣٧.

٣- ڕێکەوتنی تایبەت بە ڕێکخستنی کاری لێژنەی دیارکردنی سنووری نێوانیان لە ٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٧.

بەستنی پەیماننامەی ١٩٥٥ لەسەر ئاستی ناوخۆو دەرەوەی عیراق دەنگی نارەزایی لێکەتەوە،( جەمال عەبدولناسر) لە میسر زۆر دژی ئەو پەیماننامەیە بوو، بۆیە هەموو هەوڵێکی سیاسیو سەربازی خستەکار بۆ لەبار بردنی ئەم پەیماننامەیەو حکومەتی پاشایەتی لە عیراق، لە یەکەم هەنگاویشدا چەکی لە چیکۆسلۆفاکیا لە ساڵی ١٩٥٥ کڕی. بۆ دژایەتی کردنی ئامانجەکانی ئەم پەیماننامەیەو ئەندامەکانی، بە تایبەت عیراقو ئێران، چونکە ئێران پەیوەندە بە هێزەکانی قاهیرەو سۆڤییەتی لەسەرخۆی بەمەترسی دەزانی.

## پەیوەندییەکان لە نێوان ١٩٥٨- ١٩٦٨

بەر لە شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨[٣] لە عیراق تارادەیەك دەكرێت بووترێت پەیوەندییەكانی نێوانیان عیراق و ئێران ئاسایی بوون، ئەو بە هۆی نزیك بوونەوەیان و گردبوونەوەیان لە چوارچێوەی پە یماننامەی بەغداد، بەڵام هەر لەگەڵ شۆڕش لە عیراق روویداو سیستەمی حكومڕانی لە پاشایەتییەوە گواسترایەوە بۆ كۆماری هەڵویستەكانی ئێران گۆران و پەیوەندییەكان چوون بۆ قۆناغێكی تازەترەوە. ئەمەش لەبەر ئەوەبوو كە ئێران وەكو رژێمێكی هاوشێوەی عیراق بەر لە شۆڕش لە دەرهاوێشتەكانی ئەو شۆڕش دەترسا بپەرێتەوە دیوی ئێران و كاریگەری بەسەر دەسەڵاتەكەی ئەودا هەبێت. لە چواچێوەیشدا ( محەمەد رەزا شا) هەموو هەوڵەكانی لە رێگای دەزگای هەوڵگری ئێران( ساواك) و سوپادا خستەكار بۆ لەباربردنی كۆماری عیراق، لەسەر سنورەكان هێزەكانی بڵاوەپێكرد.

لێرەدا ئەگەر تەماشا بكەین مەترسییەكان ئێران لەنێو دیكۆمێنتەكانی دەزگای( ساواك) شپرزەیی و دڵەراوكی فەرمانڕەوایانی ئێرانی تیا دەردەكەوێت كاتێك دەڵێ:" راپەرینە كانی میسرو عیراق رەگ و ریشەی كۆمۆنیستی هەیەو نابێ بە هیچ شێوەیەك بهێلین ئەم راپەرینانە بپەرێتەوە ئێران"، ئەوە لە لایەك، لە لایەكی دیكەوە، دام و دەزگاكانی ئاسایشی ئێرانیش دڵەراوكێی خۆیان نیشان دەدەن لە ئاستی پێكهێنانی كۆماری یەككرتووی عەرەبی لەسەر دەستی( جەمال عەبدولناسر) بە پشتیوانی یەكێتی سۆڤییەت[٤]، هەر بۆیەش دەبینین كاتێك شۆڕشی ١٩٥٨ سەرهەڵدەدات( حەمە رەزا شا) لە سەفەری دەرەوەی ئێران دەبێت، بەڵام بە بیستنی ئەم هەواڵە، گەشتەكەی دەپچرێنێت دەگەرێتەوە وڵات، هەروەها دەم و دەست هێزەكانی سۆڤییەن لە باكوورو ئەمەریكا لە باشوور دەست بە جموجۆڵ دەدەكەن، بەڵام( حەمە رەزا) بەزیرەكی خۆی توانی بارەكە كۆنترۆڵ بكات، چونكە لە بەڵگەیەكەی دیكەی ساواك ئاماژە بۆ سیاسەتی یەكێتی سۆڤییەت دەكات ودەڵێ: سۆڤییەت مەبەستییەتی حكومەتێكی نوێ لە عیراق زاڵ بێت بەسەر دوورگەكانداو شێخ نشینەكانی كەنداوی فارسی، ئیتر بەم شێوەیە وردە وردە هێزەكانی خۆی بهێنێتە كەنداو.

ولێ سەرباری ئەوانەی ئاماژەیان بۆ كرا ئێران و وڵاتانی بەشداربوو لە پەیماننامەی بەغدا، دانیان نا بە دەسەڵاتی تازەی عیراق. لێرەشدا لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانی لە ١٧ی ئابی ١٩٥٨ وەزیری دەرەوەی ئێران لەم هەنگاوەیان پاساویان بەوە دەهێنایەوە كە ئەمان رێز لە ئیرادەی گەلی عیراقی دەگرن و ئاسایشی ناوچەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان بەلاوە گرنگە، جگە لەوەش درێژەی دایە كە ئەوان خاڵی هابەشین زۆرە وەكو دوو دەوڵەتی دراوسێ، لەوانە بوونی سنوورێكی هابەشی فراوان، بوونی جالییەی زۆری ئێرانی لە عیراق، هەروەها وتی ٦٠٪ موسڵمانی عیراق لەسەر مەزهەبی شیعە، كەچی هەندێك لەسەرچاوەكان پێیان وایە ئەم هەنگاوە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە كە تا ئەو سەردەمە حكومەتی تازە لە عیراق هەڵوێستێكی روونی نەبووە[٥].

---

(٣) لە رۆژی هەڵگیرسانی شۆڕش لە عیراق، دەبوو مەلیم فەیسەڵی دووەم، عەبدوئیلاو نوری سەعید لە ئەنقەرە ئامادە بن بۆ گفتوگۆی تایبەت لەگەڵ ئێران و توركیا دەربارەی هەندێ خاڵی تایبەت بە پەیمانی بەغدا، بۆیە كە ئەم هەواڵە بسترا تووشی سەرسورمان بوون و، توركیا لە بەیاننامەیەك كارەكەی ئیدان كردو بە دەستی دەرەكی دایە قەڵەم.

(٤) هەرچی تایبەتدارە بە مەترسی دورست بوونی هاوپەیمانییەتە سێ قۆڵییەكەی عیراق و میسرو سوریا لەسەر ئێران، ئەوە فاكتەری ئێران لەبەر مەترسی بەرژوەندییەكانی و، فاكتەری شیعەش لە عیراق لەبەر باڵا دەست بوونی عەرەبی سوونەو، كوردیش لەبەر پلیشانەوەی لە ناو ئەمە یەكێتییە نیگەران بوون، واتە هەرسێك ئامانجێكی هاوبەشی یان هەبوو، جگە لەوەش میسرو سوریا بە ئاشكرا پشتیوانیان لە لكاندنی خۆزستان دەكرد بە عیراقەوە.

(٥) لە لایەكی دیكە هەر دوای ئەم هەنگاوەی ئێران كەوتە بەرەخنەی باڵادەستەكانی عیراق، بۆیە ئێران ئاماژە بۆ ئەوە كرد كە ئەم هەڵوێستەی عیراق نیشانەی ئەوەیە نییەتی بەرانبەر دراوسێیەكەی باش نییە. هەروەها دواتر لە عیراق خۆپێشاندانی زۆر كرا لەژی ئێران كە لەم سەوبەند خەریكی ئاهەنگێران بە بۆنەی رووخانی دەسەڵاتی موصەدەق، بۆیە دەسەڵاتدارانی عیراق ناچار بوون بالیۆزخانەی ئێران لە عیراق بپارێزن.

هەڵوێستە سەرەتاییەکانی شۆڕش و دیار نەبوونی سیاسەتەکانی، وا کرد سەربارى مەترسی ئێران، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٨ تاڕادەیەك پەیوەندییەکان بە ئاسای بڕۆن، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٩ بارودۆخەکە گرژی تێکەوت لە ئەنجام چەند هەنگاوێك بەمەش بەرژەوەندییەکانی هەردوولا بوون بە دژی یەك ئەم هەنگاوانەش بریتی بوون لە:

١- ترسی لە شیوعییەت و گۆڕینی هەڵوێستەکانی عیراق بۆ لای بلۆکی رۆژهەڵات.

٢- ترس لە یەکگرتنی عیراق و سوریا و میسر.

٣- ململانێی لەسەر بەرژەوەندییەکانی کەنداو، بە تایبەت کوێت.

٤- بوونی جالییەی ئێرانی لە عیراق و خراپ مامەڵەکردن لە تەکیان.

٥- دەرچوونی عیراق لە پەیماننامەی بەغدا، لە ئازاری ١٩٥٩.

٦- سەرهەڵدانەوەی کێشەی سنوور وەکو:" کێشەی شەتولعەرەب، کێشەی رووبارەکان(٦)، کێشەی ناوچە وشکاییەکان.

هاتنە پێشەوەی ئەم بارودۆخە لە ناوخۆی عیراق، ئێرانی هاندا داوای مافەکانی بکات لە شەتولعەرەب و بۆ ئەو مەبەستەش داوای لە حکومەتی عیراق کرد هەنگاو بهاوێت بۆ دانانی لیژنە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەم داواکارییەش لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٥٨ بە رەسمی پێشکەشی عیراق کرد، دواتریش دووبارە لەتشرینی دووەمی هەمان ساڵ هەرەشەی لە عیراق کرد ئەگەر ئاماژەی جێبەجێ کردنی داواکارییەکان نییە ئەوە ئێران رێوشوێنی تر دەگرێتە بەر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی. ئیتر هەردوولا نییەتی خۆیان راگەیاند کە هەوڵدەدەن گرژی نێوانیان چارەسەر بکەن، وەکو ئەنجامێکی بەرایش هەردوولا سەفیری تازەیان لە وڵاتەکەیان دەست نیشان کرد.

جگە لەوەی ئاماژەی بۆ کرا ئەوەی لە دەرئەنجامەکانی شۆڕش ئێرانی نیگەران کرد بوو، لەبەر ئەوەی دەستووری کاتی عیراق لە ٢٧ی شوباتی ١٩٥٩ لە مادەی(٣)دا ئاماژە بۆ ئەوە کرد بوو" کورد و عەرەب لەم وڵاتەدا هاوبەشن"، ئەمەش مانای چەسپاندنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بە پێی یاسای لە چوارچێوەی عیراقدا، کە ئەمەش مەترسی بۆ ئێران هەبوو، بە هۆی بوونی بەشێکی فراوان لە سنووری کوردستان لە ناو وڵاتەکەی.

لە لایەکی دیکەشەوە( عەبدولکەریم قاسم) حکومەتێکی ئیتلافی پێکهێنا و هەوڵیدا پارتەکانی وەك( شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان و بەعس) بەشدار پێبکات، هەروەها هەر لەم سەروبەندە(عەبدولسەلام عارف) جێگری سەرۆك کۆمار و وەزیری ناوخۆ لە تەك بەعسییەکان لایەنگیری ئەوەبوون کۆمارێکی یەکگرتووی عەرەبی لەگەڵ میسر و سوریا پێك بهێنن.

ئیتر هاتنە دەرەوەی عیراق لە پەیماننامەی بەغدا ١٩٥٩و، دەنگۆی یەکێتی سێ قۆڵێ عیراق و سوریا و میسر، ئێرانی نیگەران کردبوو. لێرەوە کێشەی مێژووی سنووری جوگرافی لە نێوانیان عیراق و ئێران وەکو کێشەیەکەی سیاسی زیندوو بوویەوە، بۆیە دوای شۆڕشی ١٩٥٨ پەیوەندییەکان رەهەندێکی تریان بە خۆیەوە بینی و، بۆ یەکەمین جار دوای دورست بوونی عیراق ئاراستە سیاسی و ئایدەلۆژییەکان هێندێك لێکترازان و، هۆکارەکانی راگەیاندن شەڕێکی پروپاگەندەی توندیان لە دژی یەکتر هەڵگیرساند.

ئەنجام ئێران کەوتە پەیرەوکردنی سیاسەتی بێزارکاری عیراق، لە رێگای گۆڕینی رێڕەوی رووباری ئەلوەند، بۆ گوشار خستنە سەر عیراق لە مەسەلەی شەتولعەرەب، لەبەر ئەوەی ئێران مافی خۆی بە یەکسانی تەواوەتی

---

(٦) رووباری ئەلوەند،

رووباری کنجان جم کە لە خاکی ئێرانەوە بۆ زرباتییە داخلی عیراق دەبێت

رووباری ( کەن گیر) لە نزیك چیاکانی رۆژئاوای ئێران نزیك لە مەندەلییە لە دەربەندی گومەسینگ دێتە عیراقەوە.\

رووباری قۆرەتو لە خانەقین:

دەویست. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشدا عیراق بێ پرس کردن و وەرگرتنی بیروڕای ئێران و لەبەر چاوگرتنی زەوییە کشتوکاڵەکانی ئەم وڵاتە لە سەر ڕۆخی شەتولعەرەب، کەوتە دروست کردنی جۆرەها بەنداوی گەورە کە کاریگەری هەبوو لەسەر ئاستی دابەزینی ئاوی ڕووبارە هاوبەشەکان، ئەمەش گرفتێکی بێ پلان بوو دەهاتە ئاراوە.

هەر لەم چوارچێوە (شا)ی ئێران لە چاوپێکەوتنێك لە مانگی ١١ی ١٩٥٩ ڕایگەیاندبوو "ڕووبارێك کە سنووری دوو وڵاتە ناکرێت تەنیا یەك لایەن کەڵکی لێوەربگرێت". لە بەرانبەر ئەوەشدا عەبدولکەریم قاسم ئاماژەی بۆ ئەوە کردبوو" عیراق پەیماننامەی ١٩٣٧ بەسەر سەپێندراوە، وەکو بەخشش ٧کم لە ڕووباری شەتولعەرەبی بە دراوسێکەی داوە".

وەڵامدانەوەی قاسم، ئێرانییەکانی نیگەران کرد، بۆیە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ئێرانی لەسەر وتارێك بە ناوی قسەی خۆش نووسی بووی" ئەگەر بریار بێ ئێران ناکۆکییە کۆنەکان هەڵداتەوە و داوای مافی خۆی بکات، ئەوا گشت ناوچەی پر لە نەوتی عیراق" ناوچەی کورد نشین" هی ئێرانە، چونکە ئەم ناوچەیە بێ سێ و دوو هی ئێمە و خوازیارین بگەرێتەوە". ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە( ئەرسەلان خەلعەتبەری) نوێنەری پەرلەمان گوتبوو "١٥٠ ساڵ لەمەوبەر، بەغداو بەسرا لە دەست ئێران بوو، ئێستا قاسم( ٧کم)ی لە خاکی ئێران دەوێت".

جیا لەوانەش( قاسم) لە خالێکی هەستیاری ناکۆکدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد خۆزستان[(٧)]، عەرەبستانە و بەشێکە لە عیراق و پشتیوانی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازەکەی دەکات، چونکە هەم لە ڕووی مێژووییەوە ئێرانی نییە، هەم لە ڕووی دانیشتوانەوەی زۆرینەی عەرەبییە، ئەمەش ئەم بار گرژییە هێشتەوە تا کۆتایی سەردەمی حکومڕانی (قاسم). ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە عیراق هانی کوردستانی ئێرانیدا شۆڕش بکەن و، بەوەی ئاماژەی دەکرد ئەم ناوچانە بە زۆر لکێنراون بە ئێران.

(عەبدولکەریم قاسم) لەگەڵ هاتنە سەردەڵاتی هەندێك هەنگاوی هەڵێنا وەکو چاککردنەوەی پەیوەندییە گشتییەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەت و وڵاتە عەرەبییە ئازادیخوازەکان، هەروەها لە سەر ئاستی ناوخۆ ساڵی ١٩٥٨ یاسای ژمارە(٣٠) بۆ چارەسەرکردنی کشتوکاڵی دەرکرد کە لە کوردستان بن دەستی عیراقیش ڕەنگدانەوەی هەبوو. چونکە بەشێك لەم زەویانەی چاکسازی کشتوکاڵی لەسەر جێبەجێ دەکرا، سنووری نێوان عیراق و ئێران بوو، بەشێك لە خێڵەکانیش لە ناوچە سنوورییەکان نێوانیان دابەش ببوون، بەمەش هەر کاردانەوەیەکەی سەرۆك خێلێك لە دژی جێبەجێ کردنی، کاریگەری دەبوو بەسەر دەرووپشتی و ئەو دیوی سنوورو پێچەوانەکەی.

ئێران کەڵکی لەم نارەزاییانە وەرگرت کە لە سنوورەکانی کوردستانی عیراق دروست بوون وەکو ئەوەی دوو دەرەبەگی گەورە جاف لە ناوچەکانی کفری و هەڵەبجە، دژی جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە ڕاپەرین و شکستیان هێنا و ئاو دیوی ئێران بوون.

لە لایەکی دیکە، هەندێکی دیکە لە ئێرانییەکان شۆڕشی ١٩٥٨ دەگەرێننەوە بۆ سوریا، گوایە ئەفسەرێکی ڕووسی بەناوی( کوزنسڤ) پێشتر لە ئێران بووە و بە تاوانی سیخوری دەرکراوە، بە هاوکاری لەگەڵ وەزیری ناوخۆی سوریا پلانی کودەتایان دارشتووە.

---

(٧) پارێزگاری خۆزستان کە بەشێکی کەوتبوە سنووری نێوان هەر دوولا و کێشەی دروست کردبوو، عیراق لەسەردەمی قاسم بۆ یەکەمین جار بە ئاشکرا باسی مافی عەرەب و عیراقی کرد لە خۆزستان لەم شێوەیەی کە خۆزستان بە شێکە لە عیراق و دەبێت بگەرێتەوە بۆ سەر عیراق، چونکە بە درێژایی سەدەی ١٩ خۆزستان بە شێك بووە لە دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها( ناسرەدین شا) بە فەرمانێك سەربەخۆیی دابووە بە خۆزستان لە ژێر دەسەڵاتی میرانی عەرەب بێت، بەڵام دواتر( ڕەزا شا) خستبوویە ژێر دەسەڵاتی خۆی. بزووتنەوەی رزگاریخوازی خۆزستان لە ساڵی ١٩٥٦ دەستی پێکردبوو، بەڵام عیراق لەگەڵ هاتنی سیستەمی کۆماری پێشگیری لەم شۆڕشە کرد.

هەندێك لە عیراقییەکان و سۆڤییەتییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئێران دەستی لە ڕاپەڕینی( شەواف) لە مارتی ١٩٥٩ لە موسڵ هەبووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی عیراق دووربخاتەوە لە دەستوەردان لە خۆزستان و کوردستانی ئێران، چونکە دەسەڵاتدارانی تازە عێراق و کۆمۆنسیتەکان و ناسرییەکانیش بۆ ئێران جێگای مەترسی بوون.

کاتێکیش عیراق بوو بە بارەگای سەرەکی کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، حزبی توودەش لە ئێرانەوە هات بۆ بەغدا، عیراق بوو بە تاکە وڵات کە جموجۆڵی کۆمۆنیستەکان تیادا یاسای بێت، بەمەش مەبەستیان کارکردن بوو لەسەر کۆمۆنیستەکانی ئێران بە تایبەت لە خۆزستان و کوردستان و ئازەربیجان و فارسدا. بۆیە ڕژێمی شای ئێرانی بە فەرمی نارەزایی خۆی دەربری لە چالاکییەکانی حزبی تودە لە ئێراندا. ئەمەش یەکێك بوو لە هۆکارەکانی تێکچوونی زیتر پەیوەندییەکانی نێوانیان و ڕژێمی شا لە بەرانبەری دەست بەکاربوو کاتێك هەڵسا بە هاندانی بەرهەڵستکاران لە ناوەوەی عیراق، لە ڕێگای پەیوەندی کردنی( ساواك) بە خەڵکی بەرهەڵستاکاری عیراقی، بۆیە( عیسا پژمان) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات" چالاکی ساواکی ئێرانی بۆ گەڕانەوەی ڕژێمی پاشایەتی لە عیراق بە پێی ویستی پاشای ئێران دەستی پێکردووو، دواجار بووە هۆی وەرگرتنی دەسەڵات لای بەعسییەکان.

کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٠ پەیوەندییەکان بەرەو ئاسایی بوونەوە هەنگاوی نا هەردوودەوڵەت سەفیری خۆیان گۆرییەوە، بەڵام هاتنە پێشەوەی ئەم بارودۆخە لە ئەنجامی ئەم هۆکارانەی خوارەوە بوو.

١- هەموو هەنگاوەکانی ئێران لە هەرەشە کرد گرتییەبەر، عیراق بە هەندی وەرنەگرت و ئەنجامی وای نەبوو، لە بەرانبەر ئەوەشدا عیراق داوای کرد با کێشەکان بە ئاشتی چارەسەر بکرێن.

٢- هاورابوونی وڵاتانی دونیا لەگەڵ هەڵوێستی عیراق بە تایبەت سۆڤییەت لە لایەك و، وڵاتانی ئەندام لە پەیماننامەی سەنتۆ لە لایەکی دیکە، کە داوایان لە ئێران کرد بارەکە بە ئاشتی چارەسەر بکات.

٣- ئەوەبارە خراپەی ئێرانی تیابوو، وەکو جیاوازییەك لە عیراق کە گەلی پشتیوانی لە دەسەڵاتی تازە دەکرد، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران ڕووبەرووی هێزی نیشتمانی ببونەوە لەوانە پیاوانی دەزگای ئاینی، بۆیە دەبوو بە هەموو شێوازێك هەوڵی سەرکوت کردنیان بدات و پارێزگاری لە دەسەڵاتەکەی بکات.

٤- تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ( قاسم و ناسر) دوای سەرنەکەوتنی ( بزووتنەوەی شەواف) کە ئەوە هانی سەردانی عیراقدا، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ میسر ببڕن و، لەگەڵ ئێران بکەنەوە پەیوەندییەوە دژی هەنگاوەکانی میسرو ناسر لە ناوچەکە هەنگاو بنێن.

بەمەش محەمە ڕەزا شا لە کۆبوونەوەی سەنتۆ لە( کراتشی) لە کانوونی یەکەمی ١٩٦١ ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دەرچوونی عیراق لە پەیماننامەکە، کاریگەری لە شوێنگەی ئێران لە ناوچەکە نەکردووە، هەروەها کاریگەری نییە لەسەر پەیوەندییە ئاساییەکان و، ئاماژەسی بۆ ئەوە کرد پەیوەندییەکان لە جاران باشترە. ئەنجام ئێران ڕازی بوو کێشەکان بە ئاشتی چارەسەر بکات و، ئەمەش وای کرد عیراق لە یاداشتێك لە سەرەتای ١٩٦١ داواکارییەکانی بۆ ئێران ڕەوانە کردو داوای کرد کێشەکەیان بگەینە دادگای عەدلی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی، ئەنجام ئێرانیش بە داواکارییەکان ڕازی بوو. بەڵام ئەوە بەردەوام نەبوو بەڵکو دووبارە کێشەکان سەریان هەڵدایەوە و تا کۆتایی فەرمانڕەوایەتی(قاسم) بەردەوام بوو.

کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ی بەعسییەکان بەسەر فەرمانڕەوایەتی( عەبدولکەریم قاسم)، جێگای دڵخۆشی دەسەڵاتدارانی ئێران بوو، بەوەی بەعس حزبێکی ڕاستڕەوەو ناسۆسیالیستییە. بۆیە کەوتنەخۆ نزیکردنەوەی لێیان. بۆ ئەومەبەستەش ئێران کاربەدەستێکی بەرزی سەربازی ڕەوانە کەرکوك کرد تا ڕۆڵی ئەفسەری پەیوەندی نێوان هەردوو سوپای عیراقی و ئێرانی ببنێت، ئەمەش لە هەندێ سەرچاوەکان بە هاوکاری و هەماهەنگی یەکتری

دادەنێن دژی شۆڕشی کوردی، ئەگەر بزانین تورکیاش هەنگاوی لەم شێوەیەی ناوەو هەندێ کەسی خۆی ڕەوانەی مووسڵ کردووەو، دواتر هەرسێ لا پەیماننامەیەکیان واژۆکردووەو، عیراقیش لەم ماوەیەدا بۆ لێدانی بزووتنەوەی کوردی داوای هاوکاری لە ئەندامانی(سەنتۆ) کردووە.

لێرەشدا ئەو هەڵمەتە سەربازییە کە عیراق لەم ماوەیە ئەنجامیداوە بە پلانی(پڵنگ) ناسراوە، گوایە هەرسێکولات وارێکەوتوون ئەگەر سوپای عیراقی هێرشی کردو کوردەکانیش هەڵاتنە سنوورەکان، ئەوە سوپای ئێران و تورکیا بە فرۆکە لێیان بدات. ئیتر ئەم هەنگاوە دواتر خۆی لەوەدا بینییەوە کە سێ بنکەی بیتەلی تایبەت بە ئێران و تورکیا و سوریا، لە هەولێر، کەرکوک، مووسڵ دەمەزرێنرا، لە ژێر چاودێری ئەفسەرانی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکی، ئێرانی و سووری.

جیاواز لە وانەی ئاماژەمان بۆ کردن حکومەتی کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ لە دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی، هەڵسان بە دەکردنی شیعە کوردییەکان و ئەوانەی باشووریش بۆ ئێران، لە لایەك مەبەستی بوو ڕێژەیان کەم بکاتەوە، لە لایەکی دیکە مەبەستی بوو وەکو کارتی گوشار لە بەرانبەر ئێران بەکاری بێنن.ئێرانیش هەموو هەنگاوەکانی بۆ یارمەتیدانی شەڕی لە ناوەوەی عیراق، لەم سۆنگەیەوە بوو عیراق لاواز بکات و وڵاتانی عەرەبی لە یارمەتی سوپایەکی بەهێزو دەوڵەتێکی دەوڵەمەند بێ بەش بکات.

دوای ڕووخانی( قاسم)، حکومەتی نوێ عیراق ڕایگەیاند دەیەوێت بۆری نەوت بە تیرەی( ١٢ ئینج) لە خانەقین کە دەکەوێتە سنووری هەردوو لاوە بۆ بەغدا ڕابکێشێت. پاشەکەوتی ژێرخانی نەوتی خانەقینیش لە ژێر خاکی ئێران دایە، بەمەش هەردوولا یەك سەرچاوەی ژێر زەوی هاوبەشیان هەبوو. عیراق مەبەستی بوو ڕێژەی بەرهەم هێنان لەم پاشەکەوتە نەوتییە بەرز بکاتەوە، ئێرانیش دەستی کردبوو بە ڕاکێشانی بووری نەوت لەم ناوچەیە ئەمەش خالێکی ناکۆکی سنووری بوو دواتر لەسەر مێزی گفتوگۆ چارەسەریان کرد.

جگە لەمە گرفتێکی دیکە ئاوی – نەوتی لە نێوان ئەم دوو دەوڵەت هەبوو، ئەوەش ئەم ئاوە هەرێمیانە بوو لە ناوچە سنوورییەکان کە لە هەمان کات نەوتی لێ بەرهەم دەهێنراو، لە دانوستانەکانی ٤ی ئابی ١٩٦٣ ئێران داوای کرد داهاتی چاوەڕوانکراو لە نەوتی ناو ئاوەکانی سنوور ٦٠٪ بۆ ئێران و ٤٠٪ بۆ عیراق بێت. چونکە پانتایی ئاوی ئێران زیاترە، بەڵام عیراق ئەوەی قبووڵ نەبوو، بۆ یە ئەم بابەتە دواخرا بۆ ئەوەی زیاتر لێبکۆڵدرێتەوە.

دوای لادانی بەعسییەکان ١٩٦٣، کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی لە لایەن( عەبدولسەلام عارف)، حکومەتی عیراق داوا لە ئەفسەرانی پەیوەندنی ئێرانی دەکات لە کەرکوک، عیراق بە جێ بهێڵن، کە لە مانگی حوزەیرانی ١٩٦٣ هاتبوونە کەرکوك. لە بەرانبەر ئەوەدا لە هاوینی ١٩٦٤ هێزێکی میسری هات، ئیتر ئەوە هێندەی تر ڕقی ئێرانی ئەستوور تر کرد.

لەم ماوەیەدا لەبەر مەترسی پەیوەندییەکانی عیراق و سوریا، ( محەمەد ڕەزا شا)ی کەوتە پەیوەندی کردن بە شای ئوردن لە ساڵی ١٩٦٣و بانگی تارانی کرد بۆ ئەوەی بەیەکەوە پرۆژەو پلان دابنێن دژی ڕێکەوتنە سەربازییەکەی عیراق و سوریا و نزیکەوتنەوەیان لە میسر، لە بەرانبەردا( مەلیك حوسێن) داوای لە ئێران کرد گوشاری سەر کوردەکانی ئێران کەم بکاتەوەو هاوکاری کوردەکانی عیراق بکات بەمەبەستی لاوازکردن و گوشار خستنە سەر سوپای عیراقی.

٢٤ی شوباتی ١٩٦٤ وەزیری دەرەوەی عیراق سەردانی تارانی کردو، ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی ئێران نوسیویەتی سەردانەکە زیاتر چاوپێکەوتن و زەمینە سازییە بۆ خاوکردنەوەی بارگرژی نێوانیان، بەڵام لەم ماوەیەدا گرژییەکان توندتربوون، لەبەر ئەوەی هەوڵەکانی عەبدولسەلام عارف و جمال عەبدولناسر زیاتر بوون بۆ پێکهێنانی کۆمارێکی عەرەبی یەکگرتوو لە نێوان میسرو سوریا و عیراقدا.

لێرەدا بۆ یەکەمین جار ئێران داوای ئەوەی کرد سنوری هەردوولا لە شەتولعەرەب لەسەر بنەمای تالوگ[٨] بێت.

ئێران لەم دەمەدا بڕیاریدا کار لەسەر فاکتەری شیعە بکات، بە تایبەت ئەوانە دژی دەسەڵات بوون،( سەید مەهدی) بالیۆزی ئێران لە ساڵی ١٩٦٤ باس لەوە دەکات هەنگاوەکانی چۆن بوون کە هەوڵیداوە لە ویێەوە پەیوەندی لەگەڵ گەنجان و خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆ و پیاوانی شیعە بکەن کە ئەمان بە هاوکاری بالیۆزی ئێران زانکۆی کوفەیان دامەزراندووە. هەروەها هەولێداوە ئەو کۆچەرانەی کە تازە هاتوونە عیراقەوە هانیان بدەن بگەڕێنەوە ئێران، چونکە ببوونب لە خاڵێ لاواز لە پەیوەندی نێوانیان و، لە هەندێ کات ئەم کۆچەرانە وەکو بارمتە وابوون هەرکە پەیوەندییەکان تێکدەچوون بە ناشرین ترین شێوەو بەو پەری بێ بەزەییانە لەسەر سنوورەکانی ئێران فرێ دەدران. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ کوردیش هەر لەسەرەتاوە کەوتنە پەیوەندی کردنەوە( عیسا پژمان) رۆڵی کارای بینیوە، ئەگەرچی لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول، هەڵوێستی ئێران بەرانبەر بە شۆڕش دژایەتی بوو، ئەمەش لەبەرە ئەوەی نەوەك کاردانەوەی بەسەر پارچەکانی کوردستانی ژێردەسەلاتی ئەو هەبێت، بەڵام دواتر بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر عیراق دەبێت بەسەرەتای پەیوەندییەکانی لەگەڵ شۆڕشی کوردی.

ئیتر هەوڵەکانی ئێران لە دەست وەردان لە کاروباری ناوخۆی عیراق بەردەوام، بەڵام کاتێك لە ١٩٦٤ دانوستان لە نێوان بارزانی و حکومەتی عیراقی دەستی پێکرد ئێران نیگەران بوو لەبەر ئەوەی: رێکەوتنەکە رۆڵی (جەمال عەبدولناسر)ی تیابوو، ئێران لەوە دەترسا عیراق و میسرو بارزانی رێ بکەون و هێرش بکەن سەر ئێران.هەروەها ئەم هەنگاوە ولاتانی سەر بە بلۆکی رۆژهەلاتی بە هێزتر دەکرد، لە بەرانبەر ولاتانی رۆژئاوا، لێرەشدا ئێران توندوتیژترین ولاتانی ناوچەکە بوو کە پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا دەکرد، بۆیە ئەمە مایە قبوڵکردن نەبوو.

ساڵی ١٩٦٦ ساڵی دەست پێکردنەوەی شەڕی راگەیاندنی نێوانیان هەردوو وڵات بوو لە دژی یەکتری، کە ئەمەش ئەنجامێکی قەیراناوی لە پەیوەندییەکانی نێوانیان دروست کرد.( عەبدولرەحمان بەزاز)، لەگەڵ ئەوەی بۆ دەرکەوت ناتوانێت بە تەواوەتی چارەسەری کێشەی ناوخۆیی و دەرەکییەکان بکات و وای هەست کرد عیراق کەوتۆە ناو تەنگەژەیەکەوە، بۆیە کەوتە پەیوەندی کردن بە ولاتانی دراوسێییەوە، لەم رێگایەشەوە داوای لە سعودیا کرد لە پەیوەندییەکانی نێوان عیراق و ئێران ناوبژی بکات، هەروەها داوای لە( ناسر) کرد هێرشە راگەیاندنەکانی بۆ سەر ئێران رابگرێت، هەموو ئەوەش لەبەر ئەوە بوو کە ئێران یارمەتی شۆڕشی کوردی دەدا. هەر لەم چواچێوەش وەزیری دەرەوە( عەدنان پاچەچی) یاداشتێکی نارەزایی دایە بالیۆزخانەی ئێران و، لەگەڵ ئەوەشدا ولاتانی ئەمەریکا و بریتانیا و فرەنسا لە رێگای باڵیۆزەکانیان ئاگادارکردەوە خەریکە قەیرانەکان دەست پێدەکەنەوە.

بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوانیان وەزیری دەرەوەی ئێران عەباس ئارامی بانگهێشتی بەغدا کرد و گفتوگۆ کرا لەسەر خاڵە ناکۆکەکان، بەڵام رێکەوتنی حکومەتی عیراق و شۆڕشی کوردی لە ١٦ی حوزەیرانی ١٩٦٦ دووبارە ئێرانی نیگەران کردەوە و قەیرانەکان دەستی پێ دەکردەوە.

( محەمەد رەزا شا)، لە ١٤ی مارتی ١٩٦٧ (عەبدولرەحمان عارف) سەرۆك کۆماری بانگ کرد و، لە تاران گفتوگۆ کرا لەسەر هەموو خاڵە ناکۆکەکان، جگە لە شەتولعەرەب، کە لە هەموویان گرنگتر بوو، بەڵام ئەمەیان بۆ ئەوە بوو ئەوانەی تر چارەسەربکەن. دواتر( تاهیر یەحیا)ی سەرۆك وەزیران بەرەو تاران سەفەری کرد بەمەبەستی

---

(٨) تالوگ، وشەیەکی ئەلمانییە لە دوو بەش پێکهاتوو(Tall) دۆل، (wag) رێگە، واتا پارێزگاری ناوەرۆکی، یان ناوەڕاستی ئاوەرۆی ئاو.

دانانی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەی کە لەسەفەری پێشووتر سەرۆك کۆمار لەسەری ڕێکەوتبوون.

ئەگەرچی ململانێی نێودەوڵەتییەکان بەگشتی و شەڕی سارد بە تایبەتی لەو سەردەمە ڕەنگدانەوەی ئایدەلۆجی هەبوو لەسەر پەیوەندی وڵاتانی ناوچەکە بەگشتی و عیراق و ئێران بە تایبەتی، بەڵام ئێران و عیراق وەکو دوو وڵاتی خاوەن نەوت، بەرژەوەندییەکانیان ئەوەی دەخواست لە هەندێك کات لە یەکتر نزیك بن، لێرەشدا کاتێك هەستیان کرد کۆمپانیاکان لە دژی بەرژەوەندییەکانیان کار دەکەن، لە ساڵی ١٩٦٠ هەر دوو دەوڵەت لەگەڵ هەر یەك لە سعودیا و فەنزویلا و کوێت چوونە ناو ڕێکخراوی(ئۆپیك)، بەمەبەستی هەماهەنگی و دانانی سیاسەتێکی یەکگرتووی نەوت بۆ وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوەکە و گرتنەبەری باشترین شێواز بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، بەڵام ئەمە نەکرا ئەگەر بزانیین دوای شەڕی شەش ڕۆژەی عەرەب ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧ ئێران پابەندی ئەوە نەبوو کە نەوت نەنێرێتە دەرەوە وەکو ئەوەی(جەمال عەبدولناسر) داوای دەکرد.

لەمەو بەر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد هەنگاوەکان بەوەر چارەسەکردن دەچوون، بەمەش دوای وەرگرتنەوەی دووەمی دەسەڵاتی بەعسییەکان لە ساڵی ١٩٦٨ شاندێکی بەرزی عیراقی بەسەرۆکاییەتی( حەردان تکریتی) جێگری سەرۆك وەزیران لە کۆتایی ١٩٦٨ سەردانی تارانیان کرد، بۆ وەڵام دانەوەی ئەمەش دوای ماوەیەك شاندێکی ئێرانی سەردانی بەغدایان کرد بۆ ڕێکەوتن.

لەیەکەم دانشیتندا( محەمەد ڕەزا شا) ڕایگەیاندبوو ڕێکەوتننامەی ١٩٣٧ سنووری لە ژێر باڵا دەستی سیاسەتی ئیستعماری دارێژراوە بۆ خوازیارین ڕێکەوتننامەیەکی دیکە ببەسترێت. لە بەرانبەر ئەوەدا لە دووەم دانیشتن عیراقیش ڕایگەیاندبوو ئەوانیش هاوران کە ئەم ڕێکەوتنە لە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی بێگانە واژۆ کراوە، بۆیە بەشێك لە خاکی عیراق دراوەتە ئێران. ئیتر دانیشتنەکان شکستیان هێنا و شاندی ئێران لە ئەنجومەنی نوێنەران و سەناتی ئێرانی ڕایگەیاند ڕێکەوتنی ١٩٣٧ سنووری بە فەرمی پووچەڵکردەوە و لەسەرتاسەری شەتولعەرەب لەسەر پرەنسیپی تالوگ وەکو پرەنسیپێکی نێوەدەوڵەتی، کەشتیرانی ئەنجام دەدا. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە باج و رسوومات لە گەشتیارەکان لە لایەن عیراقەوە ئەنجامدەرێت و داهاتەکەشی بۆ کار ئاسانی هاتووچووی ئاوەکە نییە. هەروەها چەند ڕۆژێك بەر لەوە، وەزیری دەرەوەی عیراق بە بالیۆزی ئێرانی ڕاگەیاندبوو لە کاتی تێپەڕبوونی کەشتییەکانی ئێران پێویستە ئاڵاکان نێوە شەکاوە بن و نابێت کەشتییەکان ستافی هێزی زەریای تیابێت.

ئەنجام هەردووی سوپای خۆیان بە درێژایی شەتولعەرەب زیاتر کرد و لە ٢٢ی نیسانی ١٩٦٩ کەشتی ئیبن سینا بە ئاڵای ئێرانی و پشتیوانی سوپای جەنگی وەکو بەرەنگار بوونەوەیەك شەتولعەرەبی بڕی و چووە کەنداوەوە، عیراقیش لە تۆڵەی ئەوە(٢٠) هەزار عیراق بە ڕەسەن ئێرانی دەرکرد و لە سنووری خوسرەوی و قەسری شیرین خرانە ئێرانەوە و دەست بەسەر ماڵەکانیان گیرا.

لە سەرووبەندنی تەنگەژەی شەتولعەرەب ١٩٦٩ زۆربەی وڵاتانی ناوچەکە هاتنە ڕیزی ئێران، وەکو ئوردن، سعودیا، کویت، تورکیا، بەڵام عیراق تاکە پشتیوانی سۆڤییەت بوو، ئەویش لەبەر کۆمەڵێك بەرژەوەندی خۆی لە ئێران نەکەوتە ژێر باری ڕاستەوخۆی ململانێیەکە بەرانبەر بە وڵاتانی سەر بە ئەمریکا، بۆیە عیراق یارمەتی لە ڕێگای وڵاتانی دیکەی سۆسیالیستی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا بۆ دەهات، لێرەشدا پەیوەندییەکانی نێوان عیراق ئەڵمانیا ڕۆژئاوا شادەماری ئەوەن کاتێك لە مایسی ١٩٦٩ ڕایگەیاند پشتیوانی لە بەرژەوەندییەکانی عیراق دەکات و سەرکۆنەی ئێران دەکات لە ڕەتکردنەوەی پەیماننامەی ١٩٣٧.

لە ٢٩ی نیسان هەردوولا سکاڵایان لەسەر یەکتر تۆمارکرد لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێزدەوڵەتی. عیراق ئامادە شەڕ نەبوو، لەبەر ئەوەی ١٢ هەزار سەربازی لە ئوردن بوو، ٦ هەزاری لە سوریا بوو، ژمارەیەکیش خەریکی شەڕی پیشمەرگە بوو، بەڵام وەکو وەڵامدانەوەیەك ٥٠٠ ئێرانی نیشتەجێ عیراقی دەرکرد. هەروەها هەڵسا بە

**هاوكاری كردنی بلوجەكانی ئێرانو، دووبارە باسی ئەوەی كردەوە خۆزستان بەشێكە لە عیراق، دوای ئەوەش هەردوولا كەوتنە پلانگێری لە دژی یەكتری وەكو ئەوەی( تەیموور بەختیاری) سەرۆكی پێشووی ساواك كەوتە بەرنامە دارێژی بۆ كودەتا كردن لە دژی رژێمی شا، بە هاكاری عیراقییەكانو بەشێك لە عەرەبەكانی خۆزستان، ئێتر بەغدا بوو بە شوێنی كۆبوونەوەی نەیانی دەسەڵاتی شا. لە بەرانبەر ئەوەشدا ئێران كەوتە هەوڵی ئەوەی هاوكاری( عەبدولغەنی راوی)و( عەبدلرەزاق نایف) تا بە هاوكاری لەگەڵ بارزانی، دژی عیراق كار بكەن. ئیتر هەوڵی لەم شێوەی دواتر پەیوەندییەكانی ئالۆزتركرد، بۆیە بەغدا داوای لە بالیۆزی ئێران كرد لە ماوەی ٢٤ كاتژمێر عیراق بە جێ بێلێتو، هەر بەوەشەوە نەوەستا ژمارەیەك شیعەی لە خانەوادەی ئایەتوڵڵا سەدر گرتو ژمارەیەكی لێكوشتن.**

**وڵی دەبنین ئەمریكا لەم ململانێیە لەگەڵ ئەوەدا نابێت شەڕ رووبدات، لەبەر ئەوەی لە لایەك ئەمریكا بە شەڕی( ڤێتنام)ەوە ئالاّ بوو. هەروەها شەرێكی لەم شێوەیە لە ناوچەكە گرفتی بەرهەمی نەوتی بۆ دروست دەكرد، جگە لەوەش بنەمای( نیكسۆن) سەرۆكی ئەمریكا لە ١٩٦٩ ئەمریكای بە دوور دەگرت راستەوخۆ بچێتە ناو شەڕەوە لەگەڵ وڵاتانی سەر بە بلۆكی رۆژئاوا. بەمەش پەیوەندییەكان بەم شێوەیەی مایەوە تا ئەوەی عیراق لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستان لە ساڵی ١٩٧٠ كەوتە رێكەوتنەوە بەمەش رەنگدانەوەی بەسەر پەیوەندییەكانی عیراقو ئێران هەبوو، دواجار هەر دوو دەوڵەتی لە پەیماننامەی ٦ی مارتی ١٩٧٥ لە یەكتر نزیك كردەوە، كە تیایدا سنوری وشكانی لەسەر بنەمای پرۆتۆكۆلی ئەستانە ١٩١٣و كۆنووسی كۆمیتەی دیاریكردنی سنووری ١٩١٤ دەست نیشان كراو، سنووری ئاویش لەسە بنەمای تالۆگ. جە لەوە دەبوو هەر دوولا، ئاسایشی سنووری هاوبەشیان بپارێزنن، ئیتر ئەم رێكەوتنە بۆ ماوەی پێنج ساڵ كۆتایی بە كێشەكان هێنا. بەڵام ئەمجارە لە ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٨٠ هەردوو دەوڵەت كەوتنە شەڕێكی ڕاستەوخۆوە كە تا ئابی ١٩٨٨ بەردەوام بوو.**


**ئەحمەد حەمەدئەمین، دۆزی كورد لە چەند باسێكی مێژوویدا، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٧.**

**ئەحمەد حەمەدئەمین ، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی نوێو هاوچەرخی عیراق، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.**

**نازناز محەمەد قادر، سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی كورد لە كوردستانی عێراقدا ١٩٦١– ١٩٧٥، هەولێر، ٢٠٠٨.**

**سعيد خديد، علو، العلاقات العراقية الايرانية واثرها في القضية الكوردية قي العراق ١٤ تموز ١٩٥٨– ٨ شباط ١٩٦٣، مطبعة حاجی هاشم، اربيل، ٢٠٠٦.**

**أديث و أيى، أيف، بينروز، العراق دراسة في علاقاته الخارجية والتطوراته الداخلية ١٩١٥– ١٩٧٥، الجزء الاول والثاني، ترجمة:عبدالمجيد حسيب القيسي، الطبعة الاولى، دار العربية للموسوعات، بيروت، ١٩٨٩.**